# ڕاپۆرتەکەی ستیڤان دیمستۆرا
# کۆتایی مادەی 140

**حەمەغەفور**

وا بۆ پێنج ساڵ ئەچی بەدوای نەمانی ڕژێمی بەعسدا ناسیونالیزمی کورد کەرکوکی کردۆتە وەرەقەیەکی یاری بە دەستییەوە بۆ ململانێ لەسەر دەسەڵات لەگەڵ هێزە شیعەو سوونەکانی عێراقدا. ئەوسا ئەمریکا بەهۆی ناسکیو حەساسی دۆخەکەوە ڕێگایکردەوە کە ئەم مەرامەی جووڵانەوەی کوردایەتی لە چوارچێوەی ڕێکەوتنێکدا لەگەڵ لایەنەکانی تردا بۆ قۆناغی پەڕینەوە لەناو مادەی 58و دواتریش 140ی دەستووردا جێی بۆ بکرێتەوە. بەڵام قۆناغی پەڕینەوە درێژەی کێشا نەک وەکو خواستێک، بەڵکو سەرەتا وەکو یەکێک لە نیشانەکانی لە گرێژەنەچوونی بارودۆخی سیاسیو ئەمنی ووڵات، بەدواشیدا شکستی ستراتیژی سیاسی–سەربازی ئەمریکامان بینی چۆن بالآنسی هێزەکانی ڕاتەکاندو ڕاپۆرتەکەی بەیکەر–هاملتۆن بەتەواوی ڕەسمییەتی پاشەکشەو بنبەستی ئەمریکای ڕاگەیاند. ئەو پرۆسە خەیاڵییەش کە یەکێتیو پارتی بۆ جێبەجێبوونی مادەی 140 کردبوویانە تەلیسمێک بە دەستیانەوە لە پێناوی فریودانی خەڵکی کوردستانداو دەیانووت گوایا هەتا کۆتایی ساڵی 2007 دەبێ جێبەجێبکرێت، حەقیقەتی بۆ هەموو لایەک ئاشکرابوو بەوەی (UN) کرایە خاوەنی کایەکەو تەنفیزکردنەکەشی کەوتە گرەوی قۆناغ بە قۆناغەوە. ئەگەر قۆناغی پەڕینەوە دوای پێنج ساڵ تازە بە تازە لایەنێکی دەرەکی دەبێتە خاوەنی، دەبێ ئاخۆ سێ قۆناغەکەی دیکەی ناو ڕاپۆرتەکەی دیمستۆرا بۆ کەی دابنرێت! بەمپێیە سەرەنجام پرۆسەکەی یەکێتیو پارتی لە دووتوێی ڕاپۆرتە شیکارییەکەی ستیڤان دیمستۆراوە سەریدەرهێنا! ئێستا هەر سێ دەسەڵاتەکەی ناسیونالیزمی کورد سەریانکردووە بە یەکداو دەمیان بۆتە تەڵەی تەقیو و نازانن چۆن پینەوپەڕۆی مەوقفیان بکەنو بە کام شێواز وەڵامی خەڵکی کوردستان بە گشتیو دانیشتووانی شاری کەرکوک بە تایبەتی بدەنەوە!

با ئەوە لەولاوە بووەستێ کە مادەی 140 هەرگیزاو هەرگیز جێبەجێنابێت. چونکە؛ یەکەم، لە عێراقدا هەتا ئێستاش مەسەلەی دەسەڵات لە ناوەندا یەکلانەبۆتەوەو شەڕو ململانێی تائیفی سەرلەبەری بنەماکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی خستۆتەژێر سایەی خۆیەوەو ووڵات لەناو تەنوورەی دراماو تراژیدیاو کارەساتی هەموو ڕۆژەدا ڕۆچووە، دووهەم، تاکاتێکیش خاڵی یەکەم بەلایەکدا نەکەوێت، مەسەلەکانی تری وەکو کەرکوکو ناوچە نیزاعییەکانی نێوان لایەنە قەومیو تائیفییەکانو چەندین گرێی دیکە بێجگە لە بەکاربردنیان وەکو کارتی گوشار لەبەرامبەر لایەنی موخالیفدا، باسکردن لە چارەسەر بۆیان لە خۆ خەڵەتاندن زیاتر نییە، سێهەم، مادەی 140 دارشتنێکی دەستوورییەو بێنەوبەردە لەسەری ئەبێتە خوێنی سیاوەحشو ئەوسەری ئەبێتە سەراب، ئیمکانی نابێت بچێتە قاڵبی پراتیکەوە! بەڵام پێداگرتنی زیاتر لەلایەن ئەحزابی کوردییەوە بۆ زیندووکردنەوەو جێبەجێکردنی مادەی 140 یەک ئامانجی سیاسی لە هەگبەدایە، ئەویش ئاڵۆزکردنی کێشەو مەسەلەی کەرکوکە تاڕادەی قەزییەی فەلەستینو کەرتی غەزەی ئێستا هەتا بکرێتە زەخیرەو کەرەسەی خاوی کێبەرکێیەکی قەومیی نەبڕاوە! بەڕای من مادەی 140 فتیلەی هەڵایسانی جەنگێکی قەومی کراوەیە لە کەرکوکداو پێویستە لەکاربخرێت.

بەڵام با وا دانێین ئێستا سەرتاسەری عێراق وەکو ماستی مەییو وایەو کات کاتی ئەوەیە مەسەلەی کەرکوک چارەسەربکرێت! ئایا مادەی 140 بەهەق وەڵام یاخود ڕێگاچارەی دڵخوازی شاری کەرکوکو دەوروبەریەتی بە تایبەت دانیشتووانو پێکهاتەکانی دانیشتووی ئەو شارە؟ وەکو ڕۆژ ئاشکرایە مادەی 140 مەرامو نیازەکانی ناسیونالیزمی کوردی لەخۆگرتووەو ئەویش بەمانای ئیدارەی سیاسیو دەسەڵاتی تەنفیزی ئەم شارەو ئەم ناوچەیە بکەوێتە ژێردەستی یەکێتیو پارتییەوە. دیارە ئەم دوو هێزە ناسیونال–عەشیرەییەی کوردستان بەبیانووی ئاساییکردنەوەی دیمۆگرافیای سیاسیو کۆمەڵایەتی کەرکوکەوە مەیلو نەزعەو دەمارگیریی میللی ئەکەنە بنەمای سیاسەتو پراتیکیان. بەم شێوەیە پلەبەندی قەومیو بەرتریی میللیو دەمارگیریی نەتەوەپەرستانە لەم شارەدا لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا

ئۆتۆماتیکی دێتەئاراوەو لە سیاسەتی ئەم حیزبە نەتەوە پەرستانەوە سەرچاوەدەگرێو ئەبێتە تەوقو ئەچێتە گەردنی خەڵکی ئەم شارەوە. ئەگەر بێتو بەرگو ناسنامەی قەومی ببڕێ بەباڵای لەندەنو نیۆیۆرکو ئەمستردامیشدا، ژیان تیایاندا ئەبێتە کابوسێکی موحەقەقو ڕۆژگار ئەبێتە دۆزەخ تیایاندا.

مادەی 140 ڕێگاچارەی جووڵانەوەی کوردایەتییە بۆ کێشەی شاری کەرکوک، کێشەیەک کە بەشێکی نەزیاد نە کەمتری لە دەورو نەخشی ڕژێمی بەعسی لە خولقاندنیدا بەر ناسیونالیزمی کورد ئەکەوێ. هەڵە بە هەڵە چارەناکرێ! ڕژێمی بەعسیش لە هەمان گۆشەی قەومپەرستییەوە دەسەڵاتی سەپاندبوو بەسەر کوردستانو کەرکوکیشدا. پلەدوویی تایین کردبوو بۆ خەڵکی کوردستانو هەویەی عەرەبی بڕیبوو بەباڵای شاری کەرکوکدا، ئاکامەکەی تەرحیلو تەعریبو جینۆساید بوو. ئەگەر واش فەرزکەین مادەی 140 جێبەجێئەبێ، بەڵام چارەنووسی لە حەمامە خوێنەکانی شاری گرۆزنیو سەراییڤۆی یۆغۆسلاڤیای پێشوو وە بەغدای ئەمڕۆ باشتر نابێت بەهۆی هەڵایسانو سەرهەڵدانی ڕقو کینەی قەومپەرستانەوە تیایدا. کەس هەیە ئەمە ناوبنێت ڕێگاچارە؟!

جگەلەوەش، دەسبەسراگرتنی نەوتی یەدەکی ژێرزەوی ناوچەکانی کەرکوکو دەوروبەری پاڵنەری هەرە بنەڕەتییە لە کێشەو مەسەلەی کەرکوکدا بۆ هەموو لایەنە قەومییە جیاوازەکان. دەنا مێژووی پێکەوەژیانو هاوشارییبوونی ئەم شارو ناوچەیە بەباشی نیشانیداوە کە نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکانی دەیان ساڵە لەهاوشانی یەکتریدا ژیان دەگوزەرێننو دەسلەناودەست سەرقاڵی بنیاتنانو بەرەوپێشبردنی شارستانییەتن.

مێژووی شاری کەرکوک سەلماندوویەتی کە هەمیشە برایەتیو پێکەوەژیانی مەدەنیانەی هەڵبژاردووەو باوەشی گرتۆتەوە ناسنامەیەکی ئینسانیی پێبدرێت. دەبێ ئەو شارە بۆ دانیشتووانەکەی بێتو هاووڵاتیانی ئەو شارە تەنها خۆیان بتوانن لەسەر چارەنووسی شارەکەیان بڕیاری کۆتایی بدەن. بەڵام بەر لە هەر شتێک پێویستە ئارامیو ئاسایشو ژیانی مەدەنیو ڕۆحییەی پێکەوە ژیانو یەکترقبوڵکردنی لێ حەرام نەکرێ! دەبێ ڕێزدابنرێ بۆ خواستو ئیرادەی سەربەخۆو ئازادانەی دانیشتوانی. لێدانی نەعرەتەی قەومپەرستی لەشاری کەرکوک تارمایی پاکسازی قەومیو نوێبوونەوەی سکهەڵدڕینەکانی یۆغۆسلاڤیامان وەبیردێنێتەوە. ئیمکانی ئەوە بەتەواوی لەبەر دەستدایە کە کێشەی شاری کەرکوک بە ئاقارێکی شارستانیو سەردەمیانەدا بچێتەبەرەوە! ئەگەر فتیلەی جەنگی قەومی دەربکێشرێت!

08/6/12